# نۆژەنکردنەوەی وەڵامەکان

ئەگەر پێمانوابێت، وەڵامەکانی ئێمە تەواو و دوا دەرکی مرۆڤایەتین، ئەوا خەریکین لە خۆمان بتێك سازدەکەین. هەروەها ئەگەر پێمانوابێت، ئەو سیستەمی ڕێکخستنەی کۆمەڵگە، کە ئێمە خەباتی بۆ دەکەین، دوایین چاوەڕوانی و گەشەیەکە، کە مرۆڤایەتی پێیدەگات، ئەوا دیسانەوە خەریکین پووچگەراییەکی دی لە تەپوتۆزی پۆوچگەراییەکانی دیکە، چێدەکەینەوە. سۆشیالیزم بەهەشتێك نییە لە ئاسمانەکانەوە دایگرین و لە پەڕاوی ئەفسانەکاندا بیدۆزینەوە و مۆدێرنیزەی بکەین، سۆشیالیزم خەونی مرۆڤی زیندووە و بە پراکتیکی شۆڕشگێڕانە کەتواریی دەبێتەوە و سەرکەوتنیشی لە کولتووربووندا دەبێت، بەبێ ئەوە، لە خەیاڵی گۆشەگیرانە و فەنتازی ئایدیالیستانە بەولاوەتر نابێت.

هەژێن

بەشی پێنجەم

**ئەگەر سەرنجی نووسینەکانتان بدەی، دەبینیت کەمترین قسەتان لەبارەی گەندەڵی یەکێتی و پارتییەوە هەیە، هۆی ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

تا ئەوەندەی بگەڕێتەوە سەر من، ڕاستییەکەی نووسینی نیوە و ناچڵی زۆرم هەن، کە دەستپێکیان بۆ ساڵی ١٩٩٩ دەگەڕێتەوە و بەداخەوە تائێستا بۆم تەواو نەکراون، دەتوانم لێرەدا نێوی دوو نووسین، کە پەیوەندییان بەم باسەوە هەیە، بهێنم. "ئایا بەڕاست دونیا گۆڕاوە؟"، "دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد لە ئەشکەوتەوە بۆ پارلەمان"، کە بەداخەوە ڕۆژگار بواری تەواوکردنیان نەدام و بابەتی گرنگتر یەخەیان دەگرتم یا کاتیان بۆ نەدەمایەوە، بەڵام بەجۆرێك لە جۆرەکان لێرە و لەوێ بۆچوونی خۆمم لە بارەی پرسەکانی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستانەوە دەربڕیوە.

بە بۆچوونی من و دەشتوانم بڵێم زۆربەی ئەنارکییەکان، گەندەڵی بەشێکی جیانەکراوە یا هاوەڵدوانەی سیستمی چینایەتییە، ئەمەش تەنیا سیستمی بازارئازاد ناگرێتەوە، بەڵکو مۆدێلە ئابوورییەکەی ڕوسیەی بۆلشەڤیکیش دەگرێتەوە. لەبەرئەوە بەبێ وەلانانی یا لەنێوبردنی سیستمی چینایەتی، ئەستەمە بتوانرێت گەندەڵی بنبڕبکرێیت، چونکە گەندەڵی لەسەر بنەمای جیاوازی لە دەسەڵات و ڕێوشوێنی کۆمەڵایەتیدا دروستدەبێت، کاتێك کە کەسێك [چ فەرمانبەرێك یا شالیارێك] مافی لەپێشتربوون و زاڵبوونی بەسەر ژیان و داهاتی کەسانی دیکەدا هەیە، ئیدی چ میکانیزمێك هەیە، تا بەر بە خراپ کەڵکوەرکرتن لە ڕێوشوێن و سامانی بەردەستی بگرێت؟

بەپێچەوانەوە لەوانەیە من کەمتر لەم بارەوە قسەم کردبێت، بەڵام هاوڕێیانێك کە هاوبیری یەکین، زۆر بە ڕۆشنی لە باتەکانیاندا ئەوەیان نیشانداوە، کە دەوڵەتە بۆرژوا-دیمۆکراتەکان لە گەندەڵیدا هیچیان لە دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان نەهێناوە و بەڵکو بە زیاترەوە گەندەڵترن. لێرەدا تەنیا هێنانەوەی نموونەی سکانداڵی ئەندام پارلەمان و شالیارەکانی بریتانیا، کە پارساڵ [پار بەپێی کاتی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەیە] دەرکەوت، تەنانەت سەیرکردنی فیلمێکی سێکسی لە کۆتایی پشووی هەفتەیاندا لەسەر داهاتی کۆمەڵگە بووە! هەروەها گەندەڵییەکانی سەردەمی سەرۆکشالیارانی ئاڵمانیا (هێڵموت کۆڵ) و کرین و مامەڵەی پایەی سەرۆککۆماریی ئەمەریکا لە ڕێگەی بەرتیل و کاری ژێربەژێرەوە، هیچی لە گەندەڵییەکانی هەرێمی کوردستان یا عیراق کەمتر نییە!

لەبەرئەوە بەبۆچوونی من، ئەوەی خوازیاری کەمکردنەوەی گەندەڵی و بنبڕکردنی بێت، ئەوا پێویستە و بەناچاریش دەبێت لە هەوڵی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت و چڵکاوخۆرەکانی و گێڕانەوەی زۆربەی کاروبارە ئابووریی و کارگێڕیی و کۆمەڵایەتییەکان بۆ نێوەندەکانی ژیان و بەرهەمهێیان و کارگوزاری، بێت. کاتێك بڕیار و کارگوزاری کاروباری خوێندکاران، کرێکاران، جوتیاران، خانەنشینان، کاوباری گەڕەك و کۆڵان و گوندەکان بگەڕێتەوە بۆ خودی کەسانێك، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیان و

داهاتوویانەوە هەیە و بوار بدرێت بە خۆیان لە ڕێگەی دیمۆکراتی ڕاستەوخۆوە (دیمۆکراتی نوێنەرایەتی پارلەمانی نا!) کاروبارەکانیان ڕاپەڕێنن، ئیدی بوار بۆ مشەخۆرانی سەربار و ناپێویست نامێنێتەوە.

بەڵام، ئەوەی کە ئەوڕۆکە لە هەرێمی کوردستاندا گەندەڵکاران بەخۆیان لە پێش هەمووانەوە بە گەندەڵی نێوی دەبەن، تەنیا گەندەڵی کارگێڕیی نییە، بەڵکو تایبەتیکردنی کەرتە گشتییەکان یا دەوڵەتییەکانە لەسەر مۆدێلی بازارئازادی نیئۆلیبراڵەکان لە هەرێمە پاشڕەوەکاندا. ئەمەش شێوازێکە لە مۆنۆپۆڵکردنی دەسەڵات بۆ هەمیشە و بەرگرتن بە ئەگەری سەرکەوتنی هەر هەوڵێکی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی. ئەگەر ئەم مۆدێلە ڕوونتربکەینەوە، ئەوا هەمان هەوڵی سەرمایەداری و ئیمپریالیزم لە چیلی ساڵی ١٩٧٣دا بە شێوەیەکی دیکە ڕوویداوە. ساڵی ١٩٧٣ لە وڵاتی چیلی، لە هەڵبژاردنی دیاریکرا و دانپێدانراوی خودی دەوڵەتە سەرمایەدارییەکاندا، کە مۆدێلی دیمۆکراتی نوێنەرایەتی پارلەمانییە (واتە دیمۆکراتی ناڕاستەوخۆ)، چەپەکان بە زۆرینەی دەنگ گەیشتە پارلەمان و زۆرینەی کورسییان بۆ پێکهێنانی فەرمانداریی بەدەستهێنا، بەڵام ئەمە بۆ سەرمایەداری گورزێکی سەخت و ناوەخت بوو و دەبوو بەری پێبگیردرێت، چونکە دەبووە هۆی تێکچوونی هاوسەنگیی هێزی نێوان بلۆکی بازارئازاد و بازاری دەوڵەتی [پیەمانی ناتۆ و پەیمانی وارشۆ] و گۆڕان لە سیستمە جەنراڵییەکانی سەراپای ئەمەریکای لاتیندا و ئەمەش دەیکردە ناهاوسەنگی هێز لەبەرامبەر بلۆکی سەرمایەداری دەوڵەتیدا. لەبەرئەوە دنەی سەرمایەدارەکانیان دا، تا سەرمایەکانیان لەو وڵاتدا دەربکەن و بنەمای ئابووریی ئەو وڵاتە بتەپێنن. هەر ئەمەش بوو بووە هۆی زەمینەسازی بۆ کۆدەتای سەربازیی و هاتنی جەنراڵی کۆمەڵکوژییەکان (پینۆشێت) و ڕاگرتنی هاوسەنگی چ لە ئەمەریکای لاتین و چ لە ئاستی جیهانیدا بە نرخی خوێنی هەزاران کەس. ئەم تاکتیکە لە جەزائیر و فەلەستین، کە ئیسلامییەکان زۆرینەی دەنگیان هێنا بەشێوەیەکی دیکە و ڕێگەیەکی دیکە بۆ فریودانی خەڵکی دەنگەدەر گریردرایەبەر. لە هەرێمی کوردستانی لای خۆمان، کە ڕزگاری و دیموکراسییەکەی بە سەر نوێکی ڕۆکێت و پاژنەی چەکمەی ئاسنینی سەربازەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانانییەوە بۆ هاتووە و چەند پارتێکی پەنابەری دیوی ئێران و سوریە بەو پاڵپشتییە و لە ڕێگەی تێکشکانی ڕاپەڕینەوە، زەمینە بۆ سیناریۆی هەڵبژاردنی فیفتی فیفتییەکەی ئایاری ١٩٩٢ و هەڵبژاردنە سەرەنجام پێشتر دیاریکراوەکانیان خۆشکراوە، هانا بۆ هەمان تاکتیك بەشێوەیەکی دیکە براوەتەوە. ئەم تاکتیکە بۆ هاوپەیمانان و دەوڵەتانی ناوچەکە و دەسەڵاتدارانی نێوخۆ ئەوە مسۆگەردەکات، کە لە ڕێگەی کۆنترۆڵی ئابوورییەوە هەموو هەوڵ و تێکۆشانێك یا هەلێکی گونجاو بۆ کۆتایهێنان بە چەپاوڵگەری و دیکتاتۆری پارت و دەسەڵاتبەخشینەوەی خێزانیی دەگردرێت.

وەك دەزانین، ئەوەی لە شەڕی ساردا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، سەرمایەداری نەبوو بەسەر بزاڤی سۆشیالیستیدا، بەڵکو سەرکەوتنی بازارئازادی نیئۆلیبراڵەکان بوو بەسەر سەرمایەداریی دەوڵەتیی بۆلشەڤیکەکاندا. ئەم سەرکەوتنە لە بواری ڕامیارییدا واتە سەرکەوتنی فرەپارتی یەکجۆر بەسەر تاکپارتی یەکجۆردا، لە بواری ئابوورییدا واتە سەرکەوتنی بازارئازاد بەسەر بازاری کۆنترۆڵکراوی دەوڵەتییدا، لە بواریی کۆمەڵایەتییشدا واتە تێکشکان و وردوخاشکردنی هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و جێگرتنەوەیان بە پەیوەندییە بۆرجوازییەکان لە سەراپای پێکهاتەی کۆمەڵ و کۆمەڵگەدا.

ئەوەی ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستاندا لە قۆناخی تەواوبوون و جیگیربووندایە، ڕێك هەر ئەو تاکتیکەیە، کە لە سەرەوە باسمکرد. سەرەتا پارت دەست بەسەر داهاتی "نەوت بەرامبەر بە خۆراك" و کۆمەکەکاندا دەگرێت و زۆربەی کۆمەکە دەرمانی و خواردنەمەنییەکان لە بازاری ڕەشدا بە خەڵك دەفرۆشرێنەوە و دەبنە سەرمایەی پارت و لەنێو پارتەکانیشدا بەسەر سەرانی پارت بە پلەی یەکەم، دابەشەکرێت. هاوکات کۆمەکە داراییەکان بە ڕێژەیەکی هەرە زۆر، دەچنە گیرفانە شاراوەکانی پارت، پاشان نۆرەی قۆناخی دووەم دێت، واتە تایبەتییکردنەوەی کەرتە گشتییەکان، کە یەکێکە لە مەرجە سەرەکییەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی و نێوەندە سەروومیلییەکانی ئەمەریکا و ئەوروپا لە پێدانی کۆمەك و چوونەوە هەر وڵاتێکەوە، بەپێی مەرجە سەرەکییەکانی ئەو ناوەندە جیهانلووشانە، دەبێت ئابووری و ڕامیاری و دار و نەداری ئەو وڵاتە بخرێتە ژێر ڕکێفیان و ئەوان لە پشتپەردەوە بڕیاری بەکالاییکەرەوە بدەن. لێرەدایە کە داهاتی دزراوی کۆمەڵگە لە شێوەی سەرمایەی پارت و بە پەردەپۆشی و بەنێوی کۆمپانیای جۆراوجۆری یەکشەوە و ڕۆژەوە دێتەوە مەیدان و کەرتە گشتییەکانی پێدەکڕدرێتەوە، بە واتایەکی دیکە سەرانی پارت لەسەر داهاتی کۆمەڵگە دەبنە سەرمایەداری گومناو و ڕوخساری دیکە وەك کارگی بەهاران قوتدەکرێنەوە و بەهەمان داهاتی دزراو، کەرتە گشتی و دەوڵەتییەکان لە هەراجێکی سیناریۆییدا لە خۆیان دەکڕنەوە و ئەوە مسۆگەردەکەن، کە ئەگەری هەموو ئاڵوگۆڕێکی ڕامیاریی لە ڕێگەی هە بژاردنی پارلەمانییەوە لە پێکهاتەی بازار و کارگێڕییدا تیکشکاوبێت. ئەو

ئەگەرانەش کە بۆی هەبوو بەو شێوەیە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە بتوانن بگەنە دەسەڵات و ئابوورییەکی داخراوتر لەوەی ئێستا لەلایەن ئیسلامییەکانەوە [هەروەها هەرچەندە کۆمونیستەکان هێزی پێشنیار و کارانەبوون و نین، بەڵام هەمان بەرنامەڕێژی دگەرای دوڵەتییان بۆ ڕێکخستنی ئابووری کۆمەڵگە هەیە]، کە لەو باردا لەسەر مۆدێلی ئابووری دەوڵەتی نێوەندرێژ دەبوو و دەبووە سەرئێشە و ڕێگر بۆ پلانە ئابوورییەکانی بازارئازاد لە ناوچەکەدا، کە کوردستان بڕیارە پێگەیەکی سەرەکی ئەو بازارە بێت.

کاتێك بتوانین ئەم نەخشانە بە وردی ببینین و دەرکیان بکەین، ئیدی بۆمان ڕۆشنە بۆ بزاڤێکی پەنگخواردووی کۆمەڵایەتی گۆڕانخوازی ئەم هەرێمە بە کۆمەکی ماسمیدیا و ڕاگەیاندنەکانی دەسەڵات و کۆمەکی دارایی خودی دەسەڵات لەنێو خودی پارتە ێکهێنەرەکانیدا باڵێکی ڕیفۆرمیست، کە لەهەموو ئەو کەینوبەینانەدا هاوبەش و هاوڕۆڵ بووە، دەهێنرێتە پێشەوەی شانۆی ڕامیاری و دەسەڵات و سواری بزاڤەکە دەکرێت و بە کۆمەڵێك ڕەخنەی ناجۆر و لاوەکی بزاڤەکە بەلاڕێدا دەبات.

بۆ کەسانێك کە باوەڕییان بە ڕۆڵی کۆمەکگەرانە و ڕزگارگەرانەی ئەمەریکا و هاوپەیمانانی هەیە و پێیانوایە نێوەندە جیهانییەکانی وەك سندوقی دراوی نێودەوەتی و بانکی جیهانی و نێوەندە بەناو خێرخوازییەکانی دیکە، ڕۆڵی پۆزەتیف و دەستگیرۆییانەیان بۆ هەرێمەکە هەیە، ئیدی سەختە بتوانن پەی بە سیناریۆی لیستی نەوشیروانییەکان و نەخشە و کارە سەرەکییەکانی ئەم هەوڵە بەرن. زۆریش ئاساییە کە بەنێوی خەڵك و بەرژەوەندی گشتییەوە ببنە جاڕدەری ئەو باڵەی دەسەڵات. ئەگەر بە وردی سەرنجی داخوازی و ئامانجەکانی لیستی نەوشیروانییەکان بدەین، دەبینین، کە لە جیاتی کۆمەڵایەتییکردنەوە و گشتییکردنەوە و گێڕانەوەی زانکۆکان بۆ ژێرچاودێری کۆمەڵگە و کەسانی سەروکاردار بەو بووارە، خوازیاری دەرهێنانییانە لە چنگی پارتە دەسەڵاتدارەکان و سپاردنیانە بە دەلاڵانی بازارئازاد، کە ئەمەش دەکاتەوە پیادەکردن و تەواوکردن و گشتگیرکردنی نەخشەکەی سەرەوە، واتە تایبەتییکرنەوەی ئەو کەرت و بەشانەی کە هێشتا بەڕواڵەت گشتیی و دەوڵەتیین، ئەمەش دیسانەوە زەمینە بۆ کۆمپانیاییەکی دیکەی وەك (کۆڕك) و (نۆکان) و تد خۆشدەکات. ئەم کەرتانەش لە ژێر جەپۆکی پارتدا بۆ هەمیشە بکەنە موڵکی سەرانی سەرمایەداری پارت یا سەرمایەگوزارێکی دیکەی دەرەکی.

بۆ کەسانێك کە لە سروشتی سەرمایەداری و کارکردی بازارئازادەکەی تێدەگەن، ئاسانە لەوە تێبگەن، کە جیاوازی سەرورەیی بارزانی و تاڵەبانی و نەوشیروان و ئاخوندێك و فیلۆسۆفێك نییە، بەڵکو ێداویستی و کارایی کەسەکان لەسەر جێگیرکردنی پلانەکان گرنگە و کاتێك کە کەسایەتییەکی کارێزما ئێکسپایەر دەبێت. زۆر ئاسانە بە پلانێك وەلابنرێت یا پێشتر جێگرەوە و ئەڵتەرناتیڤی بۆ مسۆگەر و ئامادەبکەن و پێشتر پێش ڕووداوەکان بکەون و لە دەروونی بزاڤەکاندا لەوێدا، کە خۆشباوەڕی بە پاڵەوانە ئەفسانەییەکانی دوێنێ بۆ بەرگرتن بە خودی بزاڤەکە بەکاردەبرێن؛ وەك ئەوەی لە بزاڤی کۆمەڵایەتی "گۆڕان"دا دیتمان، کە خەڵك دژی چەپاوڵگەری و گەندەڵی و دابەشکاری سامان و داهاتی کۆمەڵگە بوو، کەچی بە پلان و کارلەسەرکردنی ڕۆژانە ئەو ئامانجانە تا ئاستی گلەیی چەند مشەخۆرێکی دیکەی نێودەسەڵات و هەوڵدان بۆ بەشداربوونیان لە دەسکەوتە ناڕەواکانی پارت، دابەزاندە خوارەوە. هەر ئەو کەسانەی کە دژی دەسەڵاتی بنەماڵەیی تاڵەبانی دەنگی خۆشباوەڕانەی خۆیان بە لیستەکەی نەوسیروان دا، دەنگپێدراوان وەك نە بایان دیێ و نەباران، بەنێوی ئەو خەڵکە نارازییەوە چوونە پای دەنگدانەوە بە تاڵەبانی وەك سەرۆککۆمار لە بەغداد.

لەبەر ئەوە بەبۆچوونی من، شەڕی گەندەڵی بە پێشڕەوی گەندەڵانێکی دیکە، کە گلەیی لە بەرکەوت و بەشەدزی خۆیان لە داهاتی دزراوی کۆمەڵگە دەکەن. ناکرێت و گێڕانەوەی کەرتە گشتییە بەتایبەتییکراوەکان[بەپارتییکراوەکان] و کردنیان بە بەشێك لە بازارئازاد و کەرتی تایبەتی کۆمپانیایەکی نوێ یا بیانی بەیسەرنابێت و هەروەها ناشتوانێت هۆکاری کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی سەرکوتگەرانەی پارتە میلیشیاییەکان و فەرماندارییەکانیش بێت. ئەوەش لەبەر دوو هۆ: یەکەم، ئەوەی لە دونیای دیمۆکراتی نوێنەرایەتییدا ئەوە چەند سەدەیە دەسەڵات لەم بنەماڵەی خانزادەوە بۆ ئەو شازادە و لەم پارتی پارێزگارەوە بۆ ئەو پارتی سۆشیال-دێمۆکرات و لە خولێکی دیکەدا پێچەوانە دەبێتەوە و هیچی لە سەروەری چینایەتی و ناداپەروەری و ستەم و هەژاری و بەدبەختی و هەڵاواردنی مرۆڤەکان و ڕەگەزەکان نەگۆڕیوە .

هۆی دووەم، وەك گوتم قۆرخکردنی دەسەڵات لە ڕێگەی تایبەتییکردنی بنەما ئابوورییەکانی کۆمەڵگە و کەرتە گشتییەکانی

بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری وەك موڵکی سەرمایەدارانی پارتە دەسەڵاتدارەکانەوە. دیسانەوە ئەگەری هەر ئاڵوگۆڕێکی ڕواڵەتیی ڕامیاریی ەستەمدەکەن. با ئاوای دابنێین. پارتێکی ئیسلامی یا پان-ناسیونالیست یا پارتێکی چەپ زۆرینەی پارلەمان بەدە ستبهێنێت و فەرمانداریی [حکومەتی] خۆی پێکبهێنێت. ئایا کۆمپانیا کۆمەڵگەلووشەکانی وەك (نۆکان) و (کۆڕەك) و ...تد بە پاڵپشتی لەشکری ئەمەریکا و سیخوڕیی ڕێکخراوە بەناو کۆمەککارەکان و سندووقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی و ناوەندە پیلانگێرەکانی دیکە. بواری هیچ ئاڵوگۆڕێك یا وەرچەرخانێك دەدەن؟ ئایا بوار و ئەگەری هیچ ئاڵوگۆڕێك لە سیستەمی بەڕێوەبەاریەتی [سەرخانی کۆمەڵ]دا هەیە. کاتێك کە بنەمای ئابووریی [ژێرخانی کۆمەڵ] دارایی کۆمەڵێك کۆمپانیای تایبەت و پارتیی بێت؟ ئیدی سەرانی لیستی ناسیونال-نیئۆلیبراڵ [لیستی بەناو گۆڕان] بەتەمان چی بگۆڕن؟ بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگە یا گۆڕینی تاکی ناڕازی ناهوشیار بە کۆیلەی خۆشباوەڕ ؟

من بە دڵنیاییەوە دەڵێم هەر ئاڵوگۆڕێك کە بچووکترین ناکۆکی لەتەك پلانی نێوەندە جیهانییەکانی وەك سندوقی دراوی نیودەوڵەتی و بانکی جیهانی و لەشکری دەوڵەتە زلهێزەکانیاندا هەبێت. ئەوا لە ڕێگەی ئەو کۆمپانیانانەوە و ە ڕێگەی باندە پارێزەرەکان و پشتپەردەییەکانی ئەو کۆمپانیایانەوە پوچەڵ و تەنانەت سەرکوتیش دەکرێت. ئەمەش زۆر ئاسانە، چونکە ئەوان لە پاش ێکشکانی ڕاپەڕینەوە تا ئێستا کار لەسەر ئەوە دەکەن و مێژی بۆ ڕێکدەخەن و کۆمەڵی خۆشباوەڕ و پاشڕەوی بۆ پەروەردەدەکەن. نۆزدە ساڵە دەزگەکانی ڕاگەیاندن مێشکی خەڵك کەڕوواوی دەکەن، خەڵك نائومید و نەوەی نوێ بە شێواندنی مێژوو فریودەدەن.

هەروەك چۆن ئەوان [ڕامیاران و دەسەڵاتداران] زەمینەی کۆمەڵایەتیی بۆ خۆجێگیرکردن و کۆمەڵایەتییکردنەوەی گەندەڵی و سەرکوت و ڕەشەکوژی ژنان و تیرۆری نەیاران و هەڵخڕاندنی شۆڤینیزمی ناوچەیی بەرامبەر ناوچەکانی دیکە یا کەمایەتییەکانی دیکە خۆشدەکەن، هەرواش تەنیا ڕێگە و مەیدان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و بەرگرتن بە هەوڵەکانی ئەوان، تەنیا مەیدانی خەباتە کۆمەڵایەتییەکان و بزاڤە جەماوەرییە سەربەخۆکانن: بۆ نموونە تا کاتێك بزاڤی ئازادیخوازی و دژەسەرکوت نەبووبێتە کەتوارێکی کۆمەڵایەتیی گشتگیر. قسەکردن لە دەستکۆتاکردنی هێزە سەرکوتگەر و تیرۆریستەکان و دەزگەکانی ئاسایش و پۆلیسی سەرووخەڵکی. دەچێتە خانەی خەونی باڵۆنئاسا لە هەوادا. ئەمە بۆ ڕزگاری نەتەوەیی و ژنان و تەنانەت سۆشیالیزمیش هەر وایە و بەبێ کۆمەڵایەتیبوونەوەی خواست و بۆچوون و ویستەکان. ئەگەری هەر ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێرانە ئەستەمە و هەرگیز ڕوونادات.

وەك پێشتر وتم. گەندەڵی وەك دیاردەیەکی سیستەمی فەرمانداریی و کارگێڕیی و بەڕێوەبردن. تایبەت بە پارتێك یا فەرمانداریی و دەوڵەتێکی دیاریکراو نییە. بەڵکو تایبەتمەندیی بەڕێوەبەرایەتیی سەرووخەڵکییە. ئیدی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە پاشایەتی و تاکپارتیی بێت یا فرەپارتیی پارلەمانی و فەرمانداریی [حکومەتی] تێکنۆکراتەکان و فیلۆسۆفەکان. هیچ کات نەیتوانیوە و ناشتوانێت پاکتاویبکات. چونکە ڕیشەی گەندەڵی لە پێکهاتەی بنچینەکانی سیستەم و پێکهاتەی قوچکەیی و سەرووخەڵکیدایە. کاتێك کە ریکردن لە بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگەدا. پلەی سەروەریی و پایەی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی باڵاتر بێت. ئیدی زۆر ئاساییە. نوێنەرەکان و دەسەڵاتداران بۆ مانەوەی خۆیان هەم بدزن و هەم چاوپۆشی لە دزی و تاڵانی کەسانی چواردەوریان بکەن. چونکە بنەمای سیستەمی چینایەتی دزییە لە ڕەنجی بەرهەمهێنەران و چەپاوڵکردنی سامان و داهاتی کۆمەڵگە. بۆ زیاتر دڵنیابوون لەمە. دەتوانین ئەم پرسیارە لە خۆمان بکەین: ئەگەر ڕێکخستنی کۆمەڵگە قوچکەیی [هەرەمی] ەبووایە و بەشداریی بەڕێوەبەرایەتی [نەك ئەوەی پێدەڵێن کایەی ڕامیاریی] کۆمەڵگە خۆبەخشانە و بەبێ پاداشت بووایە و خانەنشینی پاشایانە و مشەخۆریی هەتایی مسۆگەر نەبووایە. ئایا هیچ کەسێك لە ڕامیاران و دەسەڵاتخوازان. بیری لە پێکهێنانی پارت یا خۆی بۆ نوێنەرایەتی و کارگێڕیی کاندیددەکرد؟ ئایا کەسانی بێلایەنی نێو کۆمەڵگە هیچ گومانیان لە نەرێنی وەڵامی ئەم پرسیارە هەیە؟

لەبەرئەوە پێویستە ڕیشەییتر دژی دیاردەکە بچینە جەنگەوە. واتە گۆڕینی دروشمی بزووتنەوەکە بۆ " نا بۆ تایبەتیکردنەوەی کەرتەکان. نا بۆ بەڕێوەبەرایەتی گەندەڵ. بەڵێ بۆ خۆبەڕێوەبەرایەتی جەماوەریی ". ئەوەش تەنیا بە بەرگرتن بەتایبەتیکردنەوەی کەرتە گشتییەکان و سەندنەوەی کارگە و زەوییەکان و گردەکان و کەرتەکانی خزمەتگوزاریی لە پارت و سەرمایەدارەکانی پارت مەیسەردەبێت. هەڵبەتە ئەم هەنگاوەش دوو ڕێگە لەخۆدەگرێت. ڕێگەی یەکەم. سەندنەوەیانە لە پارتەکان و سەرمایەدارەکانی پارت و گێڕانەوەیان بۆ کەرتی دەوڵەتی. کە ئەمەیان هەردەم ئەڵتەرناتیڤی ڕیفۆرمیستەکان و نێوەندگەراکانە. کە لە باشترین باردا

سەروەریی خۆیان دەکەنە ئەڵتەرناتیڤی دزان و گەندەڵکاران. ڕێگەی دووەم، سەندنەوەی کەرتەکانە لە پارتەکان و سەرمایەدارەکانی پارت و گێڕانەوەیان بۆ کۆمەڵگە، واتە کۆمەڵایەتیکردنەوەی کەرتەکان بەوەی خودی کرێکاران، فەرمانبەران یا جوتیارانی ئەو بەشە یا ئەو کەسانەی کە گێڕاویانەتەوە، بەخۆیان بەڕێوەبەرایەتیدەکەن و دەیخەنە خزمەت کۆمەڵگەوە.

ئەگەر لەوانەش بگوزەرێین، دەتوانین بە کەمێك گەڕانەوە بۆ ڕابوردووی کۆمەڵگەکەمان، کە خۆشبەختانە زۆر دوور نییە و ئەگەر بەخۆشمان تێیدا نەژیابین، ئەوا دایك و باوکمان یا داپیرە و باپیرەمان وێنایەکیان لەبارەیەوە لە ئاوەز و مۆشماندا جێگیرکردووە؛ پێش ئەوەی دەوڵەت و پارتی ڕامیاریی دروستببن، لە کۆمەڵگەدا کوشتن و دزی و فرۆفێڵ و ئەتك و تاڵانگەریی و چەپاوڵ و پاوانکردن، زۆر دەگمەن بوون و لە کۆمەڵگەدا وەك دیاردەی ناوازە و ناباو ڕەفتاریان لەتەکدا کراوە و زۆر جار بکەرانیان ناچار بە ڕەوکردن و بەجێهێشتنی کۆمەڵگەکە بوون. لە بەرامبەردا پێکەوەژیان و هەرەوەزیی و هاریکاری و گەلکاریی و متمانە و پشتیوانی و یەکتریارێزیی کۆمەڵایەتیی هەبووە و زاڵبووە. بەڵام لە ئێستادا ئەم هاوکێشەیە بە تەواوی پێچەوانە بووەتەوە و نەرێنییەکان تارادەیەکی زۆر باو و گشتگیربوون و ئەرێنییەکان لە پانتایی ژیانی هاوچەرخدا بە هەمان ڕادە نامۆکراون. هەموو ئەمانە، هەروا بە ڕێکەوت و بەبێ پلان و خۆبەخۆ ڕوویاننەداوە، بەڵکو سەرەتا دەسەڵاتی سەرووخەڵکیی بەگ و ئاغاکان و پاشان
دەوڵەت هەموو خۆبەڕێوەبەرایەتیی و خۆکارابیەکی لە تاك و بوونە کۆمەڵایەتییەکان سەندووەتەوە و ئینجا بۆ پاراستنی دەوڵەت و
بەرژەوەندی کۆمپانییە کۆمەڵگە و جیهانخۆرەکان، پارتی ڕامیاریی قوتکراونەتەوە و لە ڕێگەی گۆڕین و لەنێوبردنی پەیوەندییە
کۆمەڵایەتییە تەبا و هەرەوەزییەکان و یاسا سروشتییەکانی پێکهاتنی کۆمەڵایەتی و جێگرتنەوەیان بە پەیوەندییە ڕامیارییە
.دەستکرد و نامرۆییەکان، پارت و ڕێزبەندیی پارتیی کۆمەڵگەی بەسەر دەستە و بەرەی دژبەیەکی هەردەم لە جەنگ و نائارامیدا دابەشاندووە و لەم ڕێگەیەشەوە زەمینەیان بۆ کۆمەڵایەتییکردنەوەی گەندەڵیی سازکردووە و بەم جۆرە دەبینین، نەوەی ئەو مرۆڤانەی کە دوێنێ بەبێ بوونی دەوڵەت و پارت و نوێنەر، لە ڕێکەوتنێکی کۆمەڵایەتییدا لەسەر بنەمای یاسا سروشتییەکانی پێکهاتنی کۆمەڵگە، کە کۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤ ماماانی لەدایکبوونیانە، دەژیان و کاروباری خۆیان ڕێکدەخست و خۆشی و ناخۆشییەکانیان، بوون و نەبوونییەکانیان لەنێوان خۆیاندا دادەبەشاند و بەختەوەریی هەر تاکێك پەیوەستبوو بە بەختەوەریی ئەوانی دیکەوە، کەچی لەم ڕۆژەدا نەوەکانیان بەهۆی پاشڕەوییان بۆ دەسەڵاتی سەرووخەڵکیی و پارتەکان و ڕامکاران [ڕامیاران]،
لە پێشینە و پاشبنەمای کۆمەڵایەتیی و هەرەوەزیی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە نامۆبوون و ناتوانن ژیان و ڕێکخستنی کۆمەڵگە بەبێ
بوونی دەوڵەت و سیستەمی نوێنەرایەتی و پاشڕەویی پارتایەتی و مێگەلبوون بۆ جەنەڕاڵەکانی جەنگ، ژیان وێنا بکەن و
بیربکەنەوە. کاتێك کۆمەڵگە لەو تاکە لەخۆنامۆیانە پێکهاتبێت و دەنگی ناهوشیارانەی ئەوان هەڵبژێری سیستەم و کارگێڕیی کۆمەڵگە و شێوەی ژیان بێت، ئیدی گەندەڵی ئاساییترین و سەرەتاییترین دیاردە و تایبەتمەندیی سیستەمی کارگێڕیی و کۆمەڵگە دەبێت، بەواتایەکی دیکە گەندەڵی ڕامیاریی، بە هۆی ڕامبوونی تاکی چەوساوە و ژێردەستەوە، کۆمەڵایەتی دەبێتەوە و دوا تەون و ڕایەڵەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بۆگەندەکات و هەموو تاکێك دەکاتە دژ اکەکانی دیکە و پشێوییەکی کۆمەڵایەتیی وەها دروستدەکات، کە تاکی ناهوشیار و دۆشداماو و دەستەمۆ، هەردەم وێڵی سەرۆکی باش و دەوڵەتی باش و پارلەمانی باش و نوێنەری باش بێت و بە کایەکردن و ختووکەدانی دەمارگیریی ئایینی و ناوچەگەریی و شارچییەتی و ناسیونالیستی لەلایەن کەسانی ڕامکارەوە، جەنەڕاڵەکانی مرۆڤکوشتنی لێدەبێتە فریادڕەس!

## بۆ لەگەڵ مارکسیزمەکان ناکەونە گفتوگۆ و کاری هاوبەش؟

لەوەی وەڵام بەخودی پرسیارەکە بدەمەوە، بەپێویستی دەزانم ئەوە ڕۆشنبکەمەوە، کە چەمکی هزریی لەتەك هەڵگری هزر، لە تەواوی زمانەکانی دونیادا دوو واژە و کاربردی جیاوازیان هەیە، چونکە "مارکسیزم" چەمکێکی ئایدیۆلۆجییە و بۆ کۆی ئەدەبیاتی "مارکسیست"ەکان بەکاردەبرێت، لەم پرسیارەدا بەکاربردنی وەك چەمك هەڵەیە و ناتوانێت ئاماژەبێت بە هەڵگرانی ئایدیۆلۆجیاکە [مارکسیستەکان].

ئەگەر مارکسیستەکان باوەڕییان بە خەباتی سەربەخۆی جەماوەریی لەسەر بنەمای «خۆجێی بزوێ و جیهانی بیربکەرەوە» و دوور لە پاشکۆیی بۆ پارت و گروپەکانیان هەیە، ئەوا هیچ پێویستمان بە ڕێککەوتن نابێت و خۆبەخۆ لەتەك ئەنارکییەکانا لەو بوارەدا

یەکدەست دەبن. بەڵام کاتێك ئەوان وەك پارتە بۆرجوازییەکان خەریکی دەستەمۆکردن و پاشکۆکردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بن و هەر بیرکردنەوەیەك لە دەرەوەی ئایدیۆلۆجیاکەیان ڕەتبکەنەوە و ڕێکخراوی کۆمیتەیی بۆ چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان قوتبکەنەوە و گیانی دەستەگەریی (سکتاریزم) تەشەپێبدەن و هەر دەستبەکاربوونێکی ئازادانەی تاکەکان لەژێر چەکمەی پۆڵایی نێوەندگەرایی و بڕیارە نێوەندیی و قوچکەییەکانیاندا بپلیشێننەوە، ئەوا بە بۆچوونی من نابێت کەمتر لە دژایەتی بۆرجوا دەسەڵاتدارەکان، دژایەتییان بکرێت.

من بۆ خۆم، وەك کەسێك، کە سەرەتای چالاکی "ڕامیاری"یم بە ئەندامبوونی "کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان" دەستپێکردووە و بە وازهێنانم لە ئەندامەتی "ڕەوتی کۆمونیست" کۆتاییهاتووە. لە مەیدانی خەباتی جەماوەرییدا خاوەنی خەروارێك ئەزموونی کەسییم و هەردەم تای تەرازووی خەباتی ڕۆژانەم بەلای سەربەخۆیی خەباتی جەماوەریی و بەرگرتن لە سیکتاریزم شکاوەتەوە و لەبەرئەوە لەلایەن هاوڕێکخراوەییەکانمەوە دژایەتیکراوم و هەوڵی تەریکخرانەوەم دراوە. هەر بەو پێیە بە ئەزموون گەیشتوومەتە ئەو بڕوایەی کە گروپ و پارتی ڕامیاریی هەر ناوێك و هەر بەرنامەیەکیان هەبێت، بێجگە لە کەوڵکردن و دەستەمۆکردن و کەرتکەرتکردنی خەباتی جەماوەریی بۆ ئامانجی پارتیی و دەسەڵاتخوازیی ئەندامانی باڵا، هیچی دیکە نەبووە و نییە و هیچی دیکەشی بەرهەمنەهێناوە. لەبەرئەوە هەموو کارکردن و هاریکارییکردنێك لەتەك گروپی ڕامیارییدا ڕەتدەکەمەوە و بەهیچ شێوەیەك متمانەیان نادەمێ. ئەم بۆچوونەم تەنیا لەمەڕ گروپ و پارتە کۆمونیستەکانی کوردستان بەرتەسکنابێتەوە، بەڵکو لە سەراپای مێژوودا هەر لە یەکێتی کۆمونیستەکان [یەکەمین پارتی کۆمونیستی] کە بە بەیاننامەیەکی خودی مارکس و ئەنگلس لەدەرەوەی ویستی ئەندامانی هەڵوەشێنرایەوە تا پارتی سۆشیال-دیمۆکراتی ئاڵمانیا و دواتر هەزاران پارتی کۆمونیستی دیکە و تا دەگاتە دواترینیان لە هەرێمی کوردستان [مشتەقاتەکانی کۆمونیزمی کرێکاری] تەنیا دەمارگیری دەستەگەریی و جیابوونەوە و دابەشکردن و بێهێزکردنی ڕیزی نارازییان و کرێکارانی هوشیارییان بەرهەمهێناوە و دەهێنن. بەپێچەوانەوەی خۆشباوەڕیی و گۆشەگیریی ئایدیۆلۆجی هەندێك ئازیزەوە، بە بۆچوونی من ئەوەی ڕامیاران و پارتە کۆمونیستەکان لە ماوەی سەدە و نیوێکدا بۆ دژەشۆڕش و سەروەریی چینایەتی ئەنجامیانداوە، سەراپای کۆمەڵگەی چینایەتی خودی ئیمپراتۆرییەکان دەوڵەتەکان و پارتە ناسیونالیست و مەزهەبییەکان نەیانتوانیوە ئەنجامیبدەن. ئەوەش تەنیا لەبەر یەک هۆکاری زۆر سادە و ئاشکرا، کە سەرەوەران و دەزگەکانیان نەیانتوانیوە هێندەی مارکسیستەکان، چەوساوان بە دەوڵەتی باش و سەروەری دادگەر و پارتی باش و پارلەمان خۆشباوەڕبکەن، هەموو ئەوانەش بەناوی خودی کرێکاران ولەژێر دێوجامەی سۆشیالیزمدا توانیویانە نارازییان فریوبدەن و بەداخەوە هێشتاکەش بازاری ئەو فریوکارییانە گەرمە.

**************************************************************

خوێندنەوەی بەشی یەکەم، کرتە لەسەر ئەم بەستەرەی خوارەوە بکە

بەشی یەکەم : http://wp.me/ppHbY-HN

بەشی دووەم : http://wp.me/ppHbY-HY

بەشی سێیەم : http://wp.me/ppHbY-If

بەشی چوارەم: http://wp.me/ppHbY-IH

nojenkirdnewey Wellamekan

Eger pêmanwabêt, wellamekanî ême tewaw û dwa derkî mrovayetîn, ewa xerîkîn le xoman btêk sazdekeyn. Herweha eger pêmanwabêt, ew sîstemî rêkxistney

komellge, ke ême xebatî bo dekeyn, dwayîn çawerrwanî û geşeyeke, ke mrovayetî pêydegat, ewa dîsanewe xerîkîn pûçgerayyekî dî le teputozî powçgerayyekanî dîke, çêdekeynewe. Soşyalîzm beheştêk nîye le asmanekanewe daygrîn û le perrawî efsanekanda bîdozînewe û modêrnîzey bkeyn, soşyalîzm xewnî mrovî zînduwe û be praktîkî şorrşigêrrane ketwarîy debêtewe û serkewtinîşî le kultûrbûyinda debêt, bebê ewe, le xeyallî goşegîrane û fentazî aydyalîstane bewlawetir nabêt.

Hejên

## Beşî pêncem

### Eger sernicî nûsînekantan bdey, debînît kemtirîn qsetan lebarey gendellî yekêtî û partîyewe heye, hoy eme boçî degerrêtewe?

Ta ewendey bgerrêtewe ser min, rastîyekey nûsînî nîwe û naçllî zorm hen, ke destipêkyan bo sallî 1999 degerrêtewe û bedaxewe taêsta bom tewaw nekrawn, detwanim lêreda nêwî dû nûsîn, ke peywendîyan bem basewe heye, bhênim, “aya berrast dunya gorrawe?”, “desellatî borijwazî kurd le eşkewtewe bo parleman”, ke bedaxewe rojgar bwarî tewawkirdinyan nedam û babetî gringtir yexeyan degirtim ya katyan bo nedemayewe, bellam becorêk le corekan lêre û lewê boçûnî xomim le barey pirsekanî komellgey herêmî kurdistanewe derbrrîwe.

Be boçûnî min û deştwanim bllêm zorbey enarkîyekan, gendellî beşêkî cyanekrawe ya hawelldwaney sîstimî çînayetîye, emeş tenya sîstimî bazarazad nagrêtewe, bellku modêle abûrîyekey rusyey bolşevîkîş degrêtewe. Leberewe bebê welananî ya lenêwbirdnî sîstimî çînayetî, esteme bitwanrêt gendellî binbirrbikrêyt, çunke gendellî leser bnemay cyawazî le desellat û rêwşiwênî komellayetîda drustdebêt, katêk ke kesêk [çi fermanberêk ya şalyarêk] mafî lepêştirbûn û zallbûnî beser jyan û dahatî kesanî dîkeda heye, îdî çi mîkanîzmêk heye, ta ber be xrap kellkwergirtin le rêwşiwên û samanî berdestî bigrêt?

Bepêçewanewe lewaneye min kemtir lem barewe qsem kirdbêt, bellam hawrrêyanêk ke hawbîrî yekîn, zor be roşnî le batekanyanda eweyan nîşandawe, ke dewllete borijwa-dêmokratekan le gendellîda hîçyan le dewllete dîktatorekan nehênawe û bellku be zyatrewe gendelltrin. Lêreda tenya hênanewey nmûney skandallî endam parleman û şalyarekanî brîtanya, ke parsall [par bepêy katî wellamdanewey em pirsyareye] derkewt, tenanet seyirkirdnî fîlmêkî sêksî le kotayî pşûy hefteyanda leser dahatî komellge buwe! Herweha gendellîyekanî serdemî serokşalyaranî allmanya (hêllmut koll) û krrîn û mamelley payey serokkomarîy emerîka le rêgey bertîl û karî jêrbejêrewe, hîçî le gendellîyekanî herêmî kurdistan ya 'îraq kemtir nîye!

Leberewe beboçûnî min, ewey xwazyarî kemkirdnewey gendellî û binbirrkirdnî bêt, ewa pêwîste û benaçarîş debêt le hewllî kemkirdnewey desellatî dewllet û çillkawxorekanî û gêrranewey zorbey karubare abûrîy û kargêrrîy û komellayetîyekan bo nêwendekanî jyan û berhemhêyan û karguzarî, bêt. Katêk birryar û karguzarî karubarî xwêndkaran, krêkaran, cutyaran, xanenşînan, kawirbarî gerrek û kollan û gundekan bgerrêtewe bo xudî kesanêk, ke rastewxo peywendî be jyan û dahatûyanewe heye û bwar bidrêt be xoyan le rêgey dêmokratî rastewxowe (dêmokratî nwênerayetî parlemanî na!) karubarekanyan raperrênin, îdî bwar bo mşexoranî serbar û

napêwîst namênêtewe.

Bellam, ewey ke ewrroke le herêmî kurdistanda gendellkaran bexoyan le pêş hemuwanewe be gendellî nêwî deben, tenya gendellî kargêrrîy nîye, bellku taybetîkirdnî kerte giştîyekan ya dewlletîyekane leser modêlî bazarazadî nîolîbralekan le herême paşrrewekanda. Emeş şêwazêke le monopollkirdnî desellat bo hemîşe û bergirtin be egerî serkewtinî her hewllêkî şorrşigêrraney xellkî. Eger em modîle rûntirbkeynewe, ewa heman hewllî sermayedarî û împiryalîzm le çîllî sallî 1973da be şêweyekî dîke rûydawe. Sallî 1973 le wllatî çîllî, le hellbjardinî dyarîkra û danpêdanrawî xudî dewllete sermayedarîyekanda, ke modêlî dêmokratî nwênerayetî parlemanîye (wate dêmokratî narrastewxo), çepekan be zorîney deng geyişte parleman û zorîney kursîyan bo pêkhênanî fermandarîy bedestihêna, bellam eme bo sermayedarî gurzêkî sext û nawext bû û debû berî pêbgîrdirêt, çunke debuwe hoy têkçûnî hawsengîy hêzî nêwan blokî bazarazad û bazarî dewlletî [pyemanî nato û peymanî warşo] û gorran le sîstme cenrallîyekanî serapay emerîkay latînda û emeş deykirde nahawsengî hêz leberamber blokî sermayedarî dewlletîda. Leberewe dney sermayedarekanyan da, ta sermayekanyan lew wllatda derbken û bnemay abûrîy ew wllate btepênin. Her emeş bû buwe hoy zemînesazî bo kodetay serbazîy û hatnî cenrrallî komellkujîyekan (pênoşêt) û ragirtnî hawsengî çi le emerîkay latîn û çi le astî cîhanîda be nirxî xwênî hezaran kes. Em taktîke le cezaîr û felestîn, ke îslamîyekan zorîney dengyan hêna beşêweyekî dîke û rêgeyekî dîke bo frîwdanî xellkî dengeder grîrdrayeber. Le herêmî kurdistanî lay xoman, ke rizgarî û dêmukrasîyekey be ser nûkî rokêt û pajney çekmey asnînî serbazekanî emerîka û hawpeymananîyewe bo hatuwe û çend partêkî penaberî dîwî êran û surîye bew pallpiştîye û le rêgey têkişkanî raperrînewe, zemîne bo sînaryoy hellbjardinî fîftî fîftîyekey ayarî 1992 û hellbjardne serencam pêştir dyarîkrawekanyan xoşkrawe, hana bo heman taktîk beşêweyekî dîke brawetewe. Em taktîke bo hawpeymanan û dewlletanî nawçeke û desellatdaranî nêwxo ewe msogerdekat, ke le rêgey kontrollî abûrîyewe hemû hewll û têkoşanêk ya helêkî guncaw bo kotayîhênan be çepawillgerî û dîktatorî part û desellatbexşînewey xêzanîy degirdrêt.

Wek dezanîn, ewey le şerrî sarda serkewtinî bedestihêna, sermayedarî nebû beser bzavî soşyalîstîda, bellku serkewtinî bazarazadî nîolîbrallekan bû beser sermayedarî dewlletîy bolşevîkekanda. Em serkewtne le bwarî ramyarîyda wate serkewtinî frepartî yekcor beser takpartî yekcorda, le bwarî abûrîyda wate serkewtinî bazarazad beser bazarî kontrollkrawî dewlletîyda, le bwarîy komellayetîyişda wate têkişkan û wirduxaşkirdnî hemû peywendîye komellayetîyekan û cêgirtneweyan be peywendîye borcwazîyekan le serapay pêkhatey komell û komellgeda.

Ewey emrro le herêmî kurdistanda le qonaxî tewawbûn û cîgîrbûndaye, rêk her ew taktîkeye, ke le serewe basimkird. Sereta part dest beser dahatî "newt beramber be xorak" û komekekanda degrêt û zorbey komeke dermanî û xwardnemenîyekan le bazarî reşda be xellk defroşrênewe û debne sermayey part û lenêw partekanîşda beser seranî part be pley yekem, dabeşekrêt. Hawkat komeke darayyekan be rêjeyekî here zor, deçne gîrfane şarawekanî part, paşan norey qonaxî duwem dêt, wate taybetîykirdnewey kerte giştîyekan, ke yekêke le merce serekîyekanî sinduqî drawî nêwdewlletî û bankî cîhanî û nêwende serûmîlîyekanî emerîka û ewrupa le pêdanî komek û çûnewe her wllatêkewe, bepêy merce serekîyekanî ew nawende cîhanlûşane, debêt abûrî û ramyarî û dar û nedarî ew wllate bixrête jêr rkêfyan û ewan le piştperdewe biryarî yekalayîkerewe bden. Lêredaye ke dahatî dizrawî komellge le şêwey sermayey part û be perdepoşî û benêwî kompanyay corawcorî yekşewe û rojewe dêtewe meydan û kerte giştîyekanî pêdekirrdrêtewe, be watayekî dîke seranî part leser dahatî

komellge debne sermayedarî gumnaw û ruxsarî dîke wek kargî beharan qutdekrênewe û beheman dahatî dizraw, kerte giştî û dewlletîyekan le heracêkî sînaryoyîda le xoyan dekirrnewe û ewe msogerdeken, ke egerî hemû allugorrêkî ramyarîy le rêgey hellbjardinî parlemanîyewe le pêkhatey bazar û kargêrîyda tîkişkawbêt. Ew egeraneş ke boy hebû bew şêweye le rêgey hellbjardnewe bitwanin bgene desellat û abûrîyekî daxrawtir lewey êsta lelayen îslamîyekanewe [herweha herçende komunîstekan hêzî pêşnyar û karanebûn û nîn, bellam heman bernamerrêjîy nêwendgeray dulletîyan bo rêkxistinî abûîy komellge heye], ke lew barda leser modêlî abûrî dewlletî nêwendrrêj debû û debuwe serîşe û rêgir bo plane abûrîyekanî bazarazad le nawçekeda, ke kurdistan birryare pêgeyekî serekî ew bazare bêt.

Katêk bitwanîn em nexşane be wirdî bbînîn û derkyan bkeyn, îdî boman roşne bo bzavêkî pengixwardûy komellayetî gorranixwazî em herême be komekî masmîdya û rageyandnekanî desellat û komekî darayî xudî desellat lenêw xudî parte pêkhênerekanîda ballêkî rîformîst, ke lehemû ew keynubeynaneda hawbeş û hawrroll buwe, dehênrête pêşewey şanoy ramyarîy û desellat û swarî bzaveke dekrêt û be komellêk rexney nacor û lawekî bzaveke belarrêda debat.

Bo kesanêk ke bawerrîyan be rollî komekgerane û rizgargeraney emerîka û hawpeymananî heye û pêyanwaye nêwende cîhanîyekanî wek sinduqî drawî nêwdewetî û bankî cîhanî û nêwende benaw xîrixwazîyekanî dîke, rollî pozetîv û destigîroyyaneyan bo herêmeke heye, îdî sexte bitwanin pey be sînaryoy lîstî newşîrwanîyekan û nexşe û kare serekîyekanî em hewlle bern, zorîş asayye ke benêwî xellk û berjewendî giştîyewe bibne carrderî ew balley desellat. Eger be wirdî sernicî daxwazî û amancekanî lîstî newşîrwanîyekan bdeyn, debînîn, ke le cyatî komellayetîykirdnewe û giştîykirdnewe û gêranewey zankokan bo jêrçawdêrrî komellge û kesanî serukardar bew buware, xwazyarî derhênanîyane le çingî parte desellatdarekan û spardinyane be dellallanî bazarazad, ke emeş dekatewe pyadekirdin û tewawkirdin û giştgîrkirdnî nexşekey serewe, wate taybetîykirnewey ew kert û beşaney ke hêşta berrwallet giştîy û dewlletîyn, emeş dîsanewe zemîne bo kompanyayyekî dîkey wek (korrk) û (nokan) û tid xoşdekat, em kertaneş le jêr cepokî partda bo hemîşe bkene mullkî seranî sermayedarî part ya sermayeguzarêkî dîkey derekî.

Bo kesanêk ke le sruştî sermayedarî û karkirdî bazarazadekey têdegen, asane lewe têbgen, ke cyawazî serwerîy barzanî û tallebanî û newşîrwan û axundêk û fîlosofêk nîye, bellku pêdawîstî û karayî kesekan leser cêgîrkirdnî planekan gringe û katêk ke kesayetîyekî karêzma êkispayer debêt, zor asane be planêk welabnirêt ya pêştir cêgrewe û ellternatîvî bo msoger û amadebken û pêştir pêş rûdawekan bkewn û le derûnî bzavekanda lewêda, ke xoşbawerrî be pallewane efsaneyyekanî dwênê bo bergirtin be xudî bzaveke bekardebrên; wek ewey le bzavî komellayetî "gorran"da dîtman, ke xellk djî çepawillgerî û gendellî û dabeşkarî saman û dahatî komellge bû, keçî be plan û karleserkirdnî rojane ew amancane ta astî gleyî çend mşexorrêkî dîkey nêwdesellat û hewilldan bo beşdarbûnyan le deskewte narrewakanî part, dabezande xwarewe. Her ew kesaney ke djî desellatî bnemalleyî tallebanî dengî xoşbawerraney xoyan be lîstekey newsîrwan da, dengipêdrawan wek ne bayan dîbê û nebaran, benêwî ew xellke narrazîyewe çûne pay dengdanewe be tallebanî wek serokkomar le bexdad.

Leber ewe beboçûnî min, şerrî gendellî be pêşrrewî gendellanêkî dîke, ke gleyî le berkewt û beşedzî xoyan le dahatî dizrawî komellge deken, nakrêt û gêrranewey kerte giştîye betaybetîykrawekan[bepartîykrawekan] û kirdinyan be beşêk le bazarazad û kertî taybetî kompanyayekî nwê ya byanî meysernabêt û herweha naştwanêt

hokarî kotayîhênan be desellatî serkutgeraney parte mîlîşîyayyekan û fermandarîyekanîş yêt, eweş leber dû ho: yekem, ewey le dunyay dîmokratî nwênerayetîyda ewe çend sedeye desellat lem bnemalley xanzadewe bo ew şazade û lem partî parêzgarewe bo ew partî soşyal-dêmokrat û le xulêkî dîkeda pêçewane debêtewe û hîcî le serwerî çînayetî û nadaperwerî û stem û hejarî û bedbextî û hellawardinî mrovekan û regezekan negorrîwe .

Hoy duwem, wek gutim qorixkirdnî desellat le rêgey taybetîykirdnî bnema abûrîyekanî komellge û kerte giştîyekanî berhemhênan û xizmetguzarî wek mullkî sermayedaranî parte desellatdarekanewe, dîsanewe egerî her allugorrêkî rwalletîy ramyarîy estemdeken. Ba away dabnêyn, partêkî îslamî ya pan-nasîwnalîst ya partêkî çep zorîney parleman bedestibhênêt û fermandarîy [hkumetî] xoy pêkbihênêt, aya kompanya komellgelûşekanî wek (nokan) û (korrek) û ...tid be pallpiştî leşkirî emerîka û sîxurrîy rêkixrawe benaw komekkarekan û sindûqî drawî nêwdewlletî û bankî cîhanî û nawende pîlangêrekanî dîke, bwarî hîç allugorrêk ya werçerxanêk deden? Aya bwar û egerî hîç allugorrêk le sîstemî berrêwebearyetî [serxanî komell]da heye, katêk ke bnemay abûrîy [jêrxanî komell] darayî komellêk kompanyay taybet û partîy bêt? Îdî seranî lîstî nasîwnal-nîolîbrall [lîstî benaw gorran] beteman çî bgorrn? Berrêweberayetî komellge ya gorrînî takî narrazî nahuşyar be koyley xoşbawerr ?

Min be dillnyayyewe dellêm her allugorrêk ke bçûktirîn nakokî letek planî nêwende cîhanîyekanî wek sinduqî drawî nîwdewlletî û bankî cihyanî û leşkirî dewllete zilhêzekanyanda hebêt, ewa le rêgey ew kompanyananewe û le rêgey bande parrêzerekan û piştperdeyyekanî ew kompanyayanewe puçell û tenanet serkutîş dekrêt, emeş zor asane, çunke ewan le paş têkişkanî raperrînewe ta êsta kar leser ewe deken û hêzî bo rêkdexen û komellî xoşbawerr û paşrrewî bo perwerdedeken. Nozde salle dezgekanî rageyandin mêşkî xellk kerruwawî deken, xellk naumîd û newey nwê be şêwandinî mêjû frîwdeden.

Herwek çon ewan [ramyaran û desellatdaran] zemîney komellayetîy bo xocêgîrkirdin û komellayetîykirdnewey gendellî û serkut û reşekujî jnan û tîrorî neyaran û hellxirrandinî şovênîzmî nawçeyî beramber nawçekanî dîke ya kemayetîyekanî dîke xoşdeken, herwaş tenya rêge û meydan bo rûberûbûnewe û bergirtin be hewllekanî ewan, tenya meydanî xebate komellayetîyekan û bzave cemawerîye serbexokanin; bo nmûne ta katêk bzavî azadîxwazî û djeserkut nebûbête ketwarêkî komellayetîy giştgîr, qsekirdin le destkotakirdnî hêze serkutger û tîrorîstekan û dezgekanî asayş û polîsî serûxellkî, deçête xaney xewnî ballonasa le hewada. Eme bo rizgarî neteweyî û jnan û tenanet soşyalîzmîş her waye û bebê komellayetîbûnewey xwast û boçûn û wîstekan, egerî her allugorrêkî şorrşigêrane esteme û hergîz rûnadat.

Wek pêştir wtim, gendellî wek dyardeyekî sîstemî fermandarîy û kargêrrîy û berêwebirdin, taybet be partêk ya fermandarîy û dewlletêkî dyarîkraw nîye, bellku taybetmendîy berrêweberayetîy serûxellkîye, îdî ew berrêweberayetîye paşayetî û takpartîy bêt ya frepartîy parlemanî û fermandarîy [hkumetî] têknokratekan û fîlosofekan, hîç kat neytwanîwe û naştwanêt paktawîbkat, çunke rîşey gendellî le pêkhatey binçînekanî sîstem û pêkhatey quçkeyî û serûxellkîdaye. Katêk ke amanc le beşdarîkirdin le berrêweberayetî komellgeda, pley serwerîy û payey abûrîy û komellayetîy ballatir bêt, îdî zor asayye, nwênerekan û desellatdaran bo manewey xoyan hem bidzin û hem çawpoşî le dzî û tallanî kesanî çwardewryan bken. Çunke bnemay sîstemî çînayetî dzîye le rencî berhemhêneran û çepawillkirdnî saman û dahatî komellge. Bo zyatir dillnyabûn leme, detwanîn em pirsyare le xoman bkeyn; eger rêkxistinî komellge quçkeyî [heremî] nebuwaye û beşdarîy berrêweberayetî [nek ewey pêdellên kayey ramyarîy] komellge xobexşane û bebê padaşt buwaye û xanenşînî paşayane û mşexorîy hetayî

msoger nebuwaye, aya hîç kesêk le ramyaran û desellatixwazan, bîrî le pêkhênanî part ya xoy bo nwênerayetî û kargêrrîy kandîddekrid? Aya kesanî bêlayenî nêw komellge hîç gumanyan le nerênî wellamî em pirsyare heye?

Leberewe pêwîste rîşeyîtir djî dyardeke bçîne cengewe, wate gorrînî druşmî bzûtneweke bo " na bo taybetîkirdnewey kertekan, na bo berrêweberayetî gendell, bellê bo xoberrêweberayetî cemawerîy ". Eweş tenya be bergirtin betaybetîkirdnewey kerte giştîyekan û sendnewey karge û zewîyekan û girdekan û kertekanî xizmetguzarîy le part û sermayedarekanî part meyserdebêt. Hellbete em hengaweş dû rêge lexodegrêt, rêgey yekem, sendneweyane le partekan û sermayedarekanî part û gêrraneweyan bo kertî dewlletî, ke emeyan herdem ellternatîvî rîformîstekan û nêwendgerakane, ke le baştirîn barda serwerîy xoyan dekene ellternatîvî dzan û gendellkaran. Rêgey duwem, sendnewey kertekane le partekan û sermayedarekanî part û gêrraneweyan bo komellge, wate komellayetîkirdnewey kertekan bewey xudî krêkaran, fermanberan ya cutyaranî ew beşe ya ew kesaney ke gêrrawyanetewe, bexoyan berrêweberayetîdeken û deyxene xizmet komellgewe.

Eger lewaneş bguzerryên, detwanîn be kemêk gerranewe bo raburdûy komellgekeman, ke xoşbextane zor dûr nîye û eger bexoşman têyda nejyabîn, ewa dayk û bawkman ya dapîre û bapîreman wênayekyan lebareyewe le awez û hoşmanda cêgîrkirduwe; pêş ewey dewllet û partî ramyarîy drustibbin, le komellgeda kuştin û dzî û frrufêll û etk û tallangerîy û çepawll û pawankirdin, zor degmen bûn û le komellgeda wek dyardey nawaze û nabaw reftaryan letekda krawe û zor car bkeranyan naçar be rewkirdin û becêhêştinî komellgeke bûn, le beramberda pêkewejyan û herewezîy û harîkarî û gelkarîy û mitmane û piştîwanî û yektirparêzîy komellayetîy hebuwe û zallbuwe. Bellam le êstada em hawkîşeye be tewawî pêçewane buwetewe û nerênîyekan tarradeyekî zor baw û giştgîrbûn û erênîyekan le pantayî jyanî hawçerixda be heman rade namokrawn. Hemû emane, herwa be rêkewt û bebê plan û xobexo rûyannedawe, bellku sereta desellatî serûxellkîy beg û axakan û paşan dewllet hemû xoberêweberayetîy û xokarayyekî le tak û bûne komellayetîyekan senduwetewe û înca bo parastinî dewllet û berjewendî kompanîye komellge û cîhanxorekan, partî ramyarîy qutkrawnetewe û le rêgey gorrîn û lenêwbirdnî peywendîye komellayetîye teba û herwezîyekan û yasa sruştîyekanî pêkhatnî komellayetî û cêgirtneweyan be peywendîye ramyarîye destkird û namroyyekan, part û rêzbendîy partîy komellgey beser deste û berey dijbeyekî herdem le ceng û naaramîda dabeşanduwe û lem rêgeyeşewe zemîneyan bo komellayetîykirdnewey gendellîy sazkirduwe û bem core debînîn, newey ew mrovaney ke dwêنê bebê bûnî dewllet û part û nwêner, le rêkewtinêkî komellayetîyda leser bnemay yasa sruştîyekanî pêkhatnî komellge, ke komellayetîbûnî mrov mamanî ledaykbûnyane, dejyan û karubarî xoyan rêkdexsit û xoşî û naxoşîyekanyan, bûn û nebûnîyekanyan lenêwan xoyanda dadebeşand û bextewerîy her takêk peywestibû be bextewerîy ewanî dîkewe, keçî lem rojeda newekanyan behoy paşrrewîyan bo desellatî serûxellkîy û partekan û ramkaran [ramyaran], le pêşîne û paşbnemay komellayetîy û herewezîy û pêkewejyanî aştîyane namobûn û natwanin jyan û rêkxistinî komellge bebê bûnî dewllet û sîstemî nwênerayetî û paşrrewîy partayetî û mêgelbûn bo cenerrallekanî ceng, jyan wêna bken û bîrbkenewe. Katêk komellge lew take lexonamoyane pêkhatbêt û dengî nahuşyaraney ewan hellbijêrî sîstem û kargêrîy komellge û şêwey jyan bêt, îdî gendellî asayîtrîn û seretayîtrîn dyarde û taybetmendîy sîstemî kargêrrîy û komellge debêt, bewatayekî dîke gendellî ramyarîy, be hoy rambûnî takî çewsawe û jêrdestewe, komellayetî debêtewe û dwa tewn û rayelley peywendîye komellayetîyekan bogendekat û hemû takêk dekate djî takekanî dîke û pşêwîyekî komellayetîy weha drustdekat, ke takî nahuşyar û doşdamaw û destemo, herdem wêllî serokî baş û dewlletî baş û parlemanî baş û nwênerî baş bêt û be kayekirdin û xtûkedanî demargîrîy ayînî û nawçegerîy û şarçîyetî û nasîwnalîstî lelayen kesanî ramkarewe, cenrrallekanî mrovkuştinî lêdebête firyadrres!

Bo legell markisîzmekan nakewne giftugo û karî hawbeş?

Ber lewey wellam bexudî pirsyareke bdemewe, bepêwîstî dezanim ewe roşinbkemewe, ke çemkî hizrîy letek hellgirî hzir, le tewawî zmanekanî dunyada dû waje û karbirdî cyawazyan heye, çunke "markisîzm" çemkêkî aydyolocîye û bo koy edebyatî "markisîst"ekan bekardebrêt, lem pirsyareda bekarbirdnî wek çemk helleye û natwanêt amajebêt be hellgranî aydyolocyake [markisîstekan].

Eger markisîstekan bawerrîyan be xebatî serbexoy cemawerîy leser bnemay "xocêy bbizwê û cîhanî bîrbkerewe" û dûr le paşkoyî bo part û grupekanyan heye, ewa hîç pêwîstman be rêkkewtin nabêt û xobexo letek enarkîyekana lew bwareda yekdest debin. Bellam katêk ewan wek parte borcwazîyekan xerîkî destemokirdin û paşkokirdnî bzûtnewe komellayetîyekan bin û her bîrkirdneweyek le derewey aydyolocyakeyan retbkenewe û rêkixrawî komîteyî bo çîn û twêje komellayetîyekan qutbkenewe û gyanî destegerîy (siktarîzm) teşepêbden û her destbekarbûnêkî azadaney takekan lejêr çekmey pollayî nêwendgerayî û birryare nêwendîy û quçkeyyekanyanda bipllîşênnewe, ewa be boçûnî min nabêt kemtir le djayetî borcwa desellatdarekan, djayetîyan bikrêt.

Min bo xom, wek kesêk, ke seretay çalakî "ramyarî"îm be endambûnî "komelley rencderanî kurdistan" destipêkirduwe û be wazhênanim le endametî "rewtî komunîst" kotayîhatuwe, le meydanî xebatî cemawerîyda xawenî xerwarêk ezmûnî kesîym û herdem tay terazûy xebatî rojanem belay serbexoyî xebatî cemawerîy û bergirtin le sîktarîzm şkawetewe û leberewe lelayen hawrrêkixraweyyekanmewe djayetîkrawm û hewllî terîkixranewem drawe. Her bew pêye be ezmûn geyiştûmete ew birrwayey ke grup û partî ramyarîy her nawêk û her bernameyekyan hebêt, bêcge le kewillkirdin û destemokirdin û kertkertkirdnî xebatî cemawerîy bo amancî partîy û desellatixwazîy endamanî balla, hîçî dîke nebuwe û nîye û hîçî dîkeşî berhemnehênawe. Leberewe hemû karkirdin û harîkarîykirdnêk letek grupî ramyarîyda retdekemewe û behîç şêweyek mitmaneyan nademê. Em boçûnem tenya lemerr grup û parte komunîstekanî kurdistan bertesknabêtewe, bellku le serapay mêjûda her le yekêtî komunîstekan [yekemîn partî komunîstî] ke be beyannameyekî xudî markis û englis lederewey wîstî endamanî hellweşênrayewe ta partî soşyal-dêmokratî allmanya û dwatir hezaran partî komunîstî dîke û ta degate dwatrînyan le herêmî kurdistan [mişteqatekanî komunîzmî krêkarî] tenya demargîrî destegerîy û cyabûnewe û dabeşkirdin û bêhêzkirdnî rêzî narrazîyan û krêkaranî huşyarîyan berhemhênawe û dehênin. Bepêçewanewey xoşbawerrîy û goşegîrîy aydyolocî hendêk azîzewe, be boçûnî min ewey ramyaran û parte komunîstekan le mawey sede û nîwêkda bo djeşorrş û serwerîy çînayetî encamyandawe, serapay komellgey çînayetî xudî împratorîyekan dewlletekan û parte nasîwnalîst û mezhebîyekan neyantwanîwe encamîbden. Eweş tenya leber yek hokarî zor sade û aşkra, ke sereweran û dezgekanyan neyantwanîwe hêndey markisîstekan, çewsawan be dewlletî baş û serwerî dadger û partî baş û parleman xoşbawerrbken, hemû ewaneş benawî xudî krêkaran wlejêr dêwcamey soşyalîzimda twanîwyane narazîyan frîwbden û bedaxewe hêştakeş bazarî ew frîwkarîyane germe.

*************************************************************

Bo xwêndnewey beşî yekem, kirte leser em besterey xwarewe bke

Beşî yekem : http://wp.me/ppHbY-HN

Beşî duwem : http://wp.me/ppHbY-HY
Beşî sêyem : http://wp.me/ppHbY-If
Beşî çwarem: http://wp.me/ppHbY-IH